# لاپەڕەیەکی شاراوەی کارەساتی هەڵەبجە
# قوربانیانی گوردانی شوان

**عەلی مەحمود موحەممەد**

ئەنفال و هەڵەبجە کارەساتی هێندە جەرگبڕن، لە چ دەرگایەوە تێی بچیو لە کوێوە بیخوێنیتەوە کورت دێنیێ لە پاش خۆی دەرگاو لای دیکەی بە بۆشایی دەمێنێ. ئەوەشی تا ئێستا لەسەریان نووسراوە نەیتوانیوە لە دڵۆپێك زیاتر تێپەڕێنێ لە چاو دەریای تاوانەکە.

دەمی وشـك هەڵگـەڕاوی کـەس‌وکاری قوربانیـانی کارەسـاتەکە تـەڕکات. جـەماوەریش لـە نێـوان بەرداشـی بـەرژەوەندی بـاڵای نەتـەوەو هەڵسـەنگاندنی جورئەتانەو ئاهوناڵەی پاشماوەی قوربانیانی ئەنفالو جەستەی سەگخواردوی دیلەکانی عەرعەرو جەمانەکەی عومەری خاوەر دۆشداماون. ئەو مێژوەش کە بۆ کارەساتەکان بەکردن دراوە هـەر ڕۆژەی لە لایەکـەوە هـەڵدەچێو لایـەنێکی تاوانەکە ئاشکرا دەبێت. ئاشکرابوونی هـەر بەڵگەنامەیـەك، دۆزینـەوەی هـەر کۆمەڵـە ئێسکێك، سکاڵای هـەر کەسـێکی کـەس‌وکار ئـەنفالکراو لـەو بـەکرێگیراوەی (جاشـەی) بـاوكو منـاڵو براکـەی تەسـلیم کـردووە، دۆزینـەوەی هـەر ملوانکەیـەکی شـەهیدانی هەڵەبجە بـە ملی کوردێکـەوە، هـەر سـەرژمێرییەکی نوێـی قوربانیـانی کارەسـاتەکان، بـەربوونی هـەر ئـەنفالکراوێك، دەرکـەوتنی هـەر نامەیەك لە کاتی مەرگدا نوسیبێتیان، نووسینەوەی هـەر یاداشتێك لە لایـەن بەرپرسانی ئەوکاتی جوڵانەوەی چەکداری وەك نووسراوەکانی شەهید ڕێباز (قەندیل بـەعدای هـەژاند) و مـەلا شـاخی ( ئـەنفالی خاڵخاڵان) وە ئـەو یاداشـتنامانەو نووسـینانەی لـە داهـاتوودا گـەورە لێپرسـراوانی ئـەوکات دەیانوسـنەوە، هاڵهاتنی هەر مۆرەیەکی ڕژێم وقسەکردن لەسەر ئەم تاوانانە . ئەمانە سەرجەمیان نووسینەوەی نوێ لەگەڵ خۆیاندا بۆ ئەو کارەساتانە دێنـن، دەبێت لـە ئێستاوە پارتە چەکدارەکانی ئەوکاتە ساختمانی سیاسی خۆیـان لەسـەر بەرگـەگرتنی ئـەو بومەلەرزانـە دروسـتکەنو ئەمبـەڵی بۆ هەڵکـەنن، ڕاسـتی وەکو ئـاو ڕێگای خۆی دەدۆزێتەوەو کەس ناتوانێ پێشی پێبگرێت.

دمەوێت لەم چەند دێرەدا پەنجەرەی سەر تاوانێك کە لە چوارچێوەی کارەساتی هەڵەبجەدا ڕویـداوە بکەمـەوە، تا لـە ئایندەدا نووسـەرانو دڵسـۆزانی دیکـەی گەلەکەمان زانیاری زیاتر ئاشکراکەنو بۆچـونی خۆیـانی لەسـەر دەردەبڕن کە تـا ئێستا بەداخـەوە پـاش ١٣ سـاڵ بەسـەر تێپـەڕبوونی قڕوقـەپمان لـە ئاستی کردووە. ئەویش کارەساتی گیانبەختکردوانی گوردانی شوانە، هاوڕێیانی قوربانییەکانیش تا ئێستا کەم لایەنی ئەم کارەساتەیان ئاشکرا کـردووە، بـە هـۆی ئەوەی لەو کاتەوە هەر خەریکی ململانێی ناوخۆبوونەو تەنیا توانیویانە فریای مەراسیمی ناشتنی هاوڕێ تیرۆرکراوەکانیان کەون.

لێرەدا نامەوێت هەڵوێستی مێژوویی ئەوان دەرخەم لەسەر پارتەکانی کوردستانی عیراق، ئەوانەی بە ئاشکرا یا ئەوانەی کە زۆر بە نهێنی ئەنجام دراون. با بزانین ئەم پێشمەرگانە کێ بوون؟

یـەکێك لـە دەسـتە هـەرە ئازاکانی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵـە، پێشـمەرگەکانی گوردانـی شـوان بـوون لـە تیپـی ١١ی سـنە. ئیـتر پێشـمەرگەی کۆمەڵـەش لـە سەردەمانی ڕەونەقی خەباتی چەکداری لەو پارچەیەی کوردستاندا بۆ هەموو کەس ئاشنابوونو پێویستیان بە پیاهەڵدان لە چەند دێرێکدا نییە. هـەر یـەکێك لە ئێمە ئەگەر تەمەنی سیاسیمان بۆ ئەو کاتانە بگەڕێتەوە لە ڕێگەی دەنگی شۆڕشی ئێرانو بێژەرەکەیەوە (( حەمەی کەماڵی )) ڕۆژانـە گـوێ بیسـتی هـەواڵی قارەمانییەتی ئەم دەستە پێشمەرگەیە دەبووین، ئازایەتیان خواردنو خەوی لە چەکدارەکانی جمهوری ئیسلامی ئێران لـە سـەر شێوی سـەقزەوە تـا کامیـاران حەرام کردبوو، بووبوون بەگرێیەك لەسەر دڵی ئاخوندەکانی تاران.

لەماوەی ئەو نۆ ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئێراندا سەدان جار هێرش بۆ سـەر پێشـمەرگەکانی ئـەم گوردانـە کـراوە، لـە هـەموو جارەکـانیش بـە ژیریو ئازایەتیان وانەیەکی وایان بە هێزە جۆراوجۆرەکانی ئێران، لە جنداللەو ساراللەو گوردانەکانی محمد رسول اللەو سوپای پاسدارو ئیتلاعـاتو ژاندارمـیریو جاشەکان داوە، هەرگیز لە یاد نەکەن.

سەرکەوتنە سەربازییەکانیان دەسکەگوڵی بەختیاری جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بوون، ئیتر ئەوە باسی شەڕی ٢٨ ڕۆژەی شاری سنە مەکە. ئەوەشی جیا لە هەواڵەکانی ڕاگەیاندن لە نزیکەوە بیانی ناسیایە، دەیزانی ئەوە ئەو دەستە کوڕوکچە پێشمەرگەیە چەندە دڵسۆز بوون. بۆ بیروباوەڕی یەکسانی خوازانەی مرۆڤایەتی بە چ ئاسۆیەکی ڕونەوە تێدەکۆشان بۆ ئەو ئامانجە. لەناو جەماوەریشدا چ هەڵسوکەوتێکیان دەکردو ڕێزیان لە ویستەکانیان دەگرت.

شوێن دەستی کاری ئەم گوردانە لە بواری کۆمەڵایەتی و سەربازیو سیاسی وایکرد ناوچەی هەڵسوڕانیان ببێت بە ناوچەی کۆمەڵەو لە ڕێگەی هەڵسوڕانی ئەو گوردانەوە شاری سنەش ببێت بە قەڵای ئەو ڕێکخراوە. سرودی هاوڕێ شوان بوو بە سرودی شۆڕش و ڕاپەڕین لە هەموو کوردستاندا، تەنانەت بۆ گیانبەختکردوانی دیکەش فۆتۆکۆپی کرا ( شەهیدانی قازان).

کارەساتەکە چۆن ڕویدا :–

لە ماوەی هەشت ساڵ شەڕی کۆنەپەرستانەی عیراق ئێراندا هەردوو سازمانی کۆمەڵەو دیموکرات لەو پەڕی شکستە سەربازییەکانیان و پاشەکشەکردنیان لە تەواوی خاکی کوردستان، هیچکات بیریان بە لای ئەوەدا نەچوو جوڵانەوە چەکدارییەکەیان تێکەڵ بە شەڕی کۆنەپەستانەی ئەم دوو دەوڵەتە بکەن، کە لە ڕێگەی کاری واوە دەیانتوانی زۆر دەستکەوتی مادی گەورە بەدەست بهێنن کە زۆر پێویستیان پێ بوو. بە پێچەوانەی ئەمەشەوە زۆرجار کۆمەڵە ئەو دەستەو گروپانەی چەك دەکرد کە دەیانویست لە کوردستانەوە لە بەرژەوەندی عیراق چالاکی بکەن، بۆ نموونە چەککردنی سازمانی ڕزگاری و دەستەی تۆفیق عەلی مەریوانی. کۆمەڵە بە هەموو توانای هەوڵی دەدا کوردستان دورخاتەوە لەو شەڕە کۆنەپەرستانەیە، سەرباری ئەوەی دروشمی سەرەکی تێکۆشانی کۆمەڵە لەو ڕۆژگارەدا ڕاوەستانی دەستبەجێی شەڕ بوو. هەریەکێك لەو دوو هێزە کە ناوچەی نفوزی خۆیان هەبوو، دەیانتوانی هێزەکانی عیراق بەرنە قولایی سەدان کیلۆمەتری ئێرانەوە. بەڵام ئەوان بەتایبەتی کۆمەڵە هەڵوێستی ڕونی لەسەر شەڕەکە هەبوو، سەرباری ئەوەی گەلی خۆیان و مێژووەکەیان خۆش دەویست و دوژمنەکانی خۆشیان چاك دەناسی.

لە دوای کۆنگرەی دووی حکا کۆمەڵە هەڵوێستێکی سەربازی نوێی گرتەبەر ئەویش دانانی بارەگا بوو لەسەر سنورەکان بۆ حەوانەوەو پێشمەرگەی نەخۆش و بریندار، بەهۆی ئەوەوەی ناوچەی حەسانەوە لە ناو ئێراندا نەمابوو، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەر بستێکدا پایگا و پادگان و ژاندارمیری و خۆیان دانابوو، هەر لەم چوارچێوەدا بارەگای گوردانی شوان لە ناوچەی هەورامان لە بیارە جێگەی حەسانەوەو برینداری نەخۆشەکانیان لە پڕ دەبێتە بەرەی شەڕی کۆنەپەستانە، دوژمنەکانیان لە پشتەوە سەنگەریان لێ دەگرن، زیاتر لە ٥٠ هەزار لە کۆنەپەرسترین هێزی چەکدار بست بە بستی ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەن، پردی زەڵم دەبێتە پرسگا و ئەوانیش وەکو شێرێکی برینداری نا شارەزای خافڵگیراو لە بارەگاکانیان دەردەچن، بەدەم شەڕەوە دەکەونە ڕێ تا لە ڕێگەی ئاوەکەی دەربەندیخانەوە خۆ ڕزگارکەن، ئەوەی ئێمەش تا ئێستا بیستومانە باسێکی زۆر کورتەو سەرەداوی ڕوداوەکەیە لە ڕۆژنامەی شۆڕشەوە بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا تەنها ئەوەندە هاتووە گوردانی شوان پاش هێرشی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر ناوچەی هەڵەبجەو دەوروبەری لە ناوەڕاستی ئازاری ١٩٨٨دا، ئەم پێشمەرگانە لە بیارەوە بە شەڕ پاشەکشێ دەکەن تا یەك دوو کیلۆمەتری ئاوەکەی دەربەندیخان و لەناو قامیشەڵانەکان خۆیان حەشار دەدەن تا شەو لە ئاوەکە بدەن و خۆیان ڕزگار بکەن، بەڵام لە ڕۆژەکانی ١٦و ١٧/ ٣/١٩٩٨ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران هێرش دەکەنە سەریان، تەقەدەست پێدەکات، شەڕێکی نابەرابەر بەسەریاندا دەسەپێنن، لە کۆی ٧٢ پێشمەرگە (٥٨)یان گیان لە پێناو بیروباوەڕو ئامانجەکانیان بەختدەکەن، (١٢) کەسیان بە دیلی دەکەونە دەست هێزە چەدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە دیلی دەبردرێن بۆ زیندانی سنەو لەوێ ئیعدامیان دەکەن. تەنها دوو پێشمەرگەیان کوڕێك و کچێك خۆ ڕزگار دەکەن، پاشان بەناو ئێراندا خۆ دەگەیێننە هاوڕێکانیان. هاوڕێ شوکێ فەرماندەی گوردان تا دوا ساتەکانی گیانبەختکردنی بە هۆی بێسیمەوە لەگەڵ هاوڕێیانی کە لە پەیوەندیدا دەبێت. بێشك ئەو دوو هاوڕێ ڕزگاربووەو، هاوڕێ شۆکێ لە ڕێگەی بیسیمەوەو دیلەکان لە پێش سێدارە دانیان کۆمەڵێك نهێنی ئەم تاوانەیان درکاندووە، هیوادارم زەمینەی پیتانی زوو خۆش بێتەوەو هاوڕێیانیان لەسەری بنووسن و لایەنە لێڵەکانی ڕون کەنەوە.

دیارە گلەیی لە هاوڕێیانیش ناکرێ تا ئێستا لە ئاستێکدا نەبوونە کەس حەسودیان پێ بخوازێ، مۆرانەی ناوخۆو کەرتبوون، مەراسیمی ناشتنی تیرۆرراوەکانیان فریای هیچکە نەکەوتوون.

بەم شێوەیە خەونی ٩ ساڵەی کۆماری ئیسلامی هاتەدی، بەوەی تۆڵەی دەیان هەزار کوژراوی دەست ئەم گوردانە بکاتەوە. لە دەشتایەکی پان و بەرین و شارەزا نەبوودا بە دەیان هەزار ئابلۆیان دەداو وەك هێلکەی پاك کراو لە پاروی دەنێ و قوتیان دەدات.

خامینەئی خۆی پێ ڕانەگیرا لە نوێژی هەینیدا بانگەوازی ئەم سەرکەوتنەی بەسەر دژە شۆڕشی و کۆمەڵەی بڵاوکردەوەو وتی کۆتاییمان پێیان هێنا. لێرە بەدواوە دەمەوێت پرسیارێك بکەم . ئایا هەڵەبجە لە ئاکامی شەڕی عیراق ئێراندا بەر لێدانی کیمیاوی کەوت یاخود شەڕی ڕزگاری پێشمەرگە هەروەك یەکێك لە ڕابەرانی ئەو کاتی پارتێکی چەکدار دەنووسێت ( هێزە کوردییەکان : یەکێتی، پارتی، حسك، بزووتنەوەی ئیسلامی هێزی سەرەکی ڕزگاری هەڵەبجە بوون).

بەڵام هەرچی جمهوری ئیسلامییە ناوی چالاکییەکەی نا فەجری ١٠ و تیایدا دەسکەوتەکانی جگە لە ڕزگارکردنی ٨٠ کم چوارگۆشە کە لە ناویدا ١٠٢ گوند شاری هەڵەبجەش لە شوێنە ڕزگار کراوەکان بوو.

ئەمە سەرباری قڕکردنی ( ضد انقلاب ) وەك لە موژدەکەی خامینەئی دا هات بەنوێژکەرانی تارانی ڕاگەیاند لە دەسکەوتە پڕ بەهاکانی فجری ١٠ بوو. بەڵام هاوڕێیانی گوردانی شوان لە یادی ١٠ ساڵەی شەهید بوونیاندا لە پێشڕەودا نووسییان ( لە دوایین ڕۆژەکانی ساڵی ١٣٦٦دا، ناوچەکانی هەورامان لە کوردستانی ئێران و هەڵەبجەو دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عیراق بوون بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی لە نێوان هێزەکانی دەوڵەتی ئێران و عیراق. لەو کاتەدا هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ئاوایی ((بیارە)) لەسەر سنوور جێگیر بوون. لەگەڵ ئاشکرابوونی یەکەم نیشانەکانی دەست پێکردنی شەڕ هاوڕێیانی ئێمە دەستیان کرد بە پاشەکشەو هەوڵیان دا خۆیان لەو شەڕە دوور بگرن و لەو ناوچەیە دەرباز بن. بەڵام لە کاتی کشانەوەیان و لە مەسیرێکدا کە بۆ پاشەکشە هەڵیان بژاردبوو لەگەڵ هێزەکانی جمهوری ئیسلامی دەرگیربوون. موقاوەمەتێکی سەخت و حەماسی لە بەرانبەر هێزێکی گەلێك تەیارترو بە ژمارە چەند بەرانبەر دەستی پێکردو سەرەنجام زۆربەی هاوڕێیانمان لە مەیدانی شەڕەکە گیانیان نایە پێناوی ئامانجەکانی بەرزیان و ١١ کەسیان بە برینداری گیران، هاوڕێیانی ئەسیر دوای ئەشەنجەو ئازار هەموویان لە زیندانی شاری سنە ئیعدام کران). تەئیکد لە منەوەیە.

**هەروەها دەنووسێت ( لەم ڕوداوە دڵتەزێنەدا سەرجەم ٧٠ پێشمەرگەی کۆمەڵە خوێنیان تێکەڵاو خوێنی هەزاران ئینسانی شەریفی دیکە لە منداڵو پیرو لاو بوو کە هەر لەم ڕۆژەداو هەر لەم ناوچەدا گیانی ئازیزیان بوو بە قوربانی شەڕێکی کۆنەپەستانە و دژی ئینسانیو بێ بەزەییانە لە مافی ژیان بێ بەشکران).**

**تەئکید لە منەوەیە.**

**لێرەدا پرسیارێك سەر دەردێنێ ئەگەر پارتە کوردییەکان هێزی سەرەکی داستانی ڕزگارییەکە بوون ئەم سوپایەی کۆماری ئیسلامی لە کوێوە هاتن خۆ تەیرە ئەبابیلی نەبوون بە بەردە بچکۆلەکان شەهیدانیان کردبێت. دیلەکانیش حاجی لەق لەق نەیانی گرتو گواستوبێتیەوە بۆ شاری سنە. ئەمانە لە شەڕێکی درێژخایەنی نابەرابەردا کوژرانو بەدیل گیرانو دووشیان لێیان ڕزگاری بوە. ئەگەر باڵادەست بوون چۆن بوونە تەماشاچی ئەم کارەساتە جەرگبڕەو هێشتیانو ڕێگەیان دا باشترین کچانو کوڕانی گەلەکەمان لەبەر چاویان قەسابی بکرێن .**

**ئەگەر پەراوێزو چاوساخ بوون بۆ پێشتر ئاگاداریان نەکردنەوە لە هێرشەکە تا خۆ ڕزگار کەن. لەو بڕوایەدام پێشمەرگەو ئەو لایەنانە جگە لە بزووتنەوە مەگەر لە پێشدا لە چوارچێوەی نەخشەدا دانرابێتو لەگەڵ جمهوری ئیسلامی لە چوارچێوەی دەسکەوتی شەڕدا بەشی خۆی بووبێت، ڕێگە بە کاری وا نادەن. پێنج مانگ پاش ئەو ڕوداوەو لە بارودۆخێکی ئاڵۆزتردا هاوڕێیانی ئەو پۆلە گیانبەختکردووەو پارتەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات لە دۆڵی گوڵانو سەرکەپکان کۆمەکی هەزاران پێشمەرگەی ئابڵوقەدراوی لایەنە جۆراوجۆرەکانیان کرد، کارسانایی ڕزگاربونیان بۆ کردنو کۆمەکی جۆراوجۆرییان پێکردن.**

**ئەم کارەساتە پرسیارێك لەگەڵ خۆیدا دێنێ، هەرچەندە پاش سێزدە ساڵ لە کردنی ئەو پرسیارانە درەنگە بەڵام هەر پێویستە بکردرێو بەرپرسانی سەربازی ئەو کاتەی بەژدار بوون لە شەڕی ڕزگاری هەڵەبجە ( بە قەولی خۆیان) لەسەریان پێویستە وەڵامی پێ بدەنەوە. ئێمەی گەلی کورد لەسەرمانە لە یادکردنەوەی ٥٠٠٠ شەهیدەکەی هەڵەبجەدا یادی ئەو ٧٠ تێکۆشەرەش بکەینەوەو ڕێزیان لێ بگرینو ڕێگە نەدەین هیچکە هاوسەنگەرەکانیان لە کوردستانی ئازاددا تیرۆر کرێن، ڕێگە خۆشیان بۆ بکەین بۆ تۆڵەکردنەوەی خوێنی بە ناڕەوا ڕژاوی هاوڕێیانیان. لەسەر هاوڕێیانیش پێویستە زیاتر ئەم کارەساتە بە گەل بناسێنن، ئەو چەند دێرەی ئەوان لەو یادەدا دەینووسنو لەسەر گڵکۆانیان دەیخوێننەوە زۆر کەمە.**

**وابزانم پسپۆڕانی بواری نووسینەوەی مێژووی هەڵەبجەو ئەنفالیش ناتوانن ئەو مێژووە بێ یادکردنی خوێنی ئەو ٧٠ پێشمەرگەیە بێ کەلێن بنووسنەوە. هەروەها لە ڕاوەستان لەسەر ئەم کارەساتە بە ئەنجامو ئاکامی نوێ دەگەن. ئەم پرسیارانە ئەمڕۆش نەکرێت، هاوڕێکانی لە داهاتوودا پاش ڕزگاربونیان لەم زەلیلییە هەر دەیکەن.**

**٢٠٠١/٠٣/٠٧**

**سەرچاوەکان :**

**١- شۆڕشی ژمارە (٥) شوباتو مارس ٢٠٠١ ئۆرگانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان.**

**٢- خولانەوە بەناو بازنەدا. نەوشیروان مستەفا.**

**٣- جینۆساید لە عیراقداو پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد وەرگێڕانی سیامەندی موفتی زادە چاپخانەی خاك ل ٤٠٦**